# لە ئاسمانیشەوە بێت خوا هەر حەماسێکیان بۆ نازل ئەکات !!

دکتور فایق محەمەد گوڵپی

2006-1-27

چەکی پرۆسەی هەڵبژاردن و چوونە سەر سندووقی دەنگدان ، لە لایەن جەماوەری هەر کومەڵگایەکەوە ، باوترین خەباتی سیاسی ئەم سەردەمەیە . لە کومەڵگەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا ئەم شێوە تێکۆشانە پەیڕەوە دەکرێت و شێوازەکانی تری ململانێی سیاسی کە جاران لە رێگەی بەکارهێنانی زەبرووزەنگەوە (شۆڕش و کودەتا) بەڕێوەدەبرا گرنگی خۆی لە کیس داوە . هەڵبژاردنەکانی باشووری کوردستان و ئێراق و ئێران و میسر و فەلەستین کە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا هەموویان ئەنجامدران ئەم ڕاستیە پشتڕاست ئەکەنەوە .

هەڵبژاردن بنەمایەکی گرنگی سیستەمی دیموکراسیە ، سیستەمی دیموکراسیش ئەو سیستەمەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەمەجۆرەکانی کومەڵگا لە جهاندا بانگی سەرکەوتنی خۆی داوە ، پاراستن و گەشەپێدانی دەسکەوتەکانی تێکۆشانی مرۆڤایەتیشی لە بەرنامەی ئایندەی خۆیدا داناوە . بەلام سیستەمی دیموکراسی چەندان بنەمای تری هەیە ، بە تەنها بە پرۆسەی هەڵبژاردن ئاوانابێت ، ئەبێ لە گەڵ پرۆسەی هەڵبژاردن پێویستیەکانی تری دیموکراسی دابین بکرێت . یەك لە پێویستی و پێوانە هەستیارەکانی تری ئەم سیستەمە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە ، واتە حزبێکی سیاسی کە حوکمڕانی وڵات ئەکات ، ئەبێ ملکەچی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بێت ، ئەگەر لە هەڵبژاردندا دۆڕاندی ئەبێ بەو دۆڕاندنە ڕازی بێت و لە ناو دەسەڵات بکشێتەوە و جێگە بۆ حزبی براوە چۆڵبکات و وەك ئۆپۆزسیۆن کار بکات تا کاتی هەڵبژاردنی ئایندە دێتەوە ، خۆی بۆ ئەو هەڵبژاردنە سازوو ئامادە بکات .

لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی ناوچەیی و جهانی دا ئەم دیاردەی دەستاودەستکردنەی دەسەڵات بە ئاشکرا دە بینی ، بەلام ئەوەی مایەی نیگەرانی و جێی پرسیارە ئەوەیە لە کوردستان لە ڕابوردودا نەمانبینی ، لە ئایندەشدا نیشانەیەك نیە کە بەم زوانە کومەڵگای کوردستان ئەم بنەما گرنگەی سیستەمی دیموکراسیەت بە خۆیەوە ببینێ . لە هەڵبژاردنی ساڵی ڕابوردووی پەرلەمانی باشووری کوردستاندا ، هەردوو حزبی دەسەڵاتبەدەستی ئیدارەی سلێمانی و هەولێر لە باتی ئەوەی لە دوولیستی جیاوازدا بە ململانێیەکی شارستانی و دیموکراتی بەشداری هەڵبژاردنیان بکردایە ، بە یەك لیستی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردنیان کردوو ، هەر لە پێش هەڵبژاردنەوە کورسیەکانی پەرلەمانیان لە ناوخۆیاندا دابەشکرد .

لەو رێکەوتنەی ڕۆژی 7-1-2006 نێوان هەردوو حزبی دەسەلاتخوازی کوردستان بۆ یەکخستنەوەی ئیدارەکانی هەرێم ئیمزاکراوە ، لە لایەن پەرلەمانی کوردستانیشەوە دەنگی لەسەردرا ، بەندێکی تایبەتی تێدا دەبینرێت کە دژی سەرەتاکانی سیستەمی دیموکراتیە و پێویستیش نەبوو ئەو بەندە لەو رێکەوتنەدا جێگە بگرێت . لەو بەندەدا ئاماژە بەوە کراوە کە هەردوو حزبی کوردستانی ( پارتی و یەکێتی ) بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی 2007 بە لیستێکی هاوبەش بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا ئەکەن . ئەم بەندە زۆر واتای نیگەتیڤی هەیە ، لە لایەکەوە ئەمە پشتشکاندنی کلتوور و سیستەمی دیموکراسیەتە ، لەولاشەوە واتایەکی زەق و رەقی هەیە کە ئەم دوو حزبە ئامادە نین بنەمای دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە باشووری کوردستاندا پەیڕەو بکەن . بەم شێوەیە دەبینین بە ئاشکرا بە بێ پەناو پەردە پێماندەڵێن ئێمە بڕوامان بە سیتەمی دیموکراسی نیە ، کێ ئازایە .........

ئەم دیاردە نادیموکراتیەی کوردستانی تێدا دەژی بارێکی نامۆ و دژوارە ئەگەر لە گەڵ کومەڵگاو سیستەمەکانی تری ناوچەکە و جهاندا بەراوردی بکەین ، ڕۆژانە بە چاوی خۆمان لە ڕێگەی کەناڵەکانی تیڤی و ڕۆژنامەکان و ماڵپەڕەکانەوە ئەبیستین و ئەبینین و ئەخوێنینەوە کە چۆن پرۆسە و بنەماکانی سیستەمی دیموکراسی لە دەرەوەی کوردستان لە باری هەڵکشان و گەشەکردندایە ، لە هەمانکاتدا ئەو پرۆسەیە لە کوردستاندا لە باری چەقین و پاشەکشێدایە .

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی چەند ڕۆژی ڕابوردووی فەلەستین زۆر بە ڕاشکاوانە ئەوەی دەرخست کە کلتوو ر و سیستەمی دیموکراسی لەو وڵاتەدا زۆر لە پێش کوردستانەوەیە ، لە کاتێکدا کە ڕێکخراوی (حماس) لە لایەن ئیسرائیل و دۆستەکانیەوە بە ڕێکخراوێکی تیرۆرستی دەناسرێت ، کەچی لە پرۆسەی هەڵبژاردنا بەشداری کرد و سەرکەوتنێکی مێژوویی

به دەست هێنا . لە بەرامبەر ئەم سەرکەوتنە مێژوویەی ڕێکخراوی ڕێکخراوی حماس دا ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بە شێوەیەکی گشتی و ڕێکخراوی فتح بە شێوەیەکی تایبەت ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان بە قازانجی حماس بە ڕوحی وەرزشی وەرگرت و سەرۆکی فەلەستینی (کە سەر بە ڕێکخراوی فتح) داوای لە ڕێکخراوی ناوبراو کرد کە حکومەتی ئایندەی فەلەستین پێکبهێنێ .
ئالێرەدا دوو بابەتی گرنگ هەیە بە پێویستی ئەزانم ئاماژەیان پێ بکەم :

1. هەڵوێستی ڕێکخراوی فتح لە بەرامبەر سەرکەوتنی ڕێکخراوی حماسدا هەتا بڵێیت هەڵوێستێکی شارستانی و دیموکراتی و یاسایی و ئەخلاقی بوو ، نۆخشەبێت لە پارتی و یەکێتی ، ئەگەر لە ئایندەدا لە ناو ڕۆژەڤێکی وادا خۆیان بینیەوە ،نکایە با بە ڕۆحی وەرزشی وەریبگرن . ڕێکخراوی فتح لە ڕابوردوودا خاوەنی قوربانیەکی زۆرە ، شەهید و بریندار و تێکۆشانەکانی ڕابوردووی خۆی نەکردە بەردی سەر ڕێگەی تێکۆشان و گەشەکردنی دیموکراتی لە فەلەستیدندا ، چوونکە باش دەزانێ هەر گرووپ و لایەنێك لەم سەردەمەدا پشت بکاتە سیستەمی دیموکراتی ، چارەنووسی پووکانەوە و لە ناوچوونە ، وە باش دەزانێ کە دەسکەوتەکانی شۆڕشی فەلەستین بە سیستەمی دیموکراسی دەپارێزرێ و پێشدەخرێت . بەو هیوایەی ئەم حزبە گەورانەی لای خۆشمان کەمێك لەم چەمکە نوێیەی خەبات وردبینەوە و کاری پێ بکەن .

2. ئەگەر هەردوو حزبی گەورە بیانەوێت لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی 2007ا دووچاری دەردە حماس نەیەن (لەگەڵ ڕێژم بۆ ئەو ڕێکخراوە ) ئەبێ هەر لە ئێستەوە کاری شایستەی بۆ بکەن ، یەك لەو کارانە ئەوەیە ئەو بڕیارە هەڵوەشێننەوە کە هەردوو حزبی گەورە بە یەك لیست بەشداری لە هەڵبژاردنی ئایندەی پەرلەمانی کوردستاندا ئەکەن . چوونکە وا باشترە یەك لەو حزبانە لە دوای هەڵبژاردنی ساڵی 2007 بە جیا ، یان لەگەڵ حزبی تر حکومەت پێکبهێنن و یەکێکیان لە دەرەوەی دەسەڵاتدا وەك ئۆپۆزسیۆن بمێنێتەوە ، بەم شێوەیە بنەماکانی دیموکراسیەتیش لە کوردستاندا پێشدەخرێت و دەرفەتیش بۆ سەرکەوتنی ڕێکخراوگەلی وەك حەماس لە هەڵبژاردنی ئایندەی کوردستاندا تەسك دەبێتەوە . بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئەم دوو حزبە هەروەك ئێستە سیاسەت و ئیدارە بە ڕێوەبەرن ، لە ئاسمانیشەوە بێت خوا هەر حەماسێکیان بۆ نازل ئەکات ..